# بێداری

ن/ جیم لۆی

و/ ڕێباز ڕەشید

لەنێو جێگادا خەوتبووم، دواتر بیدار بوومەوە، نازانم بۆچی بەئاگا هاتم! جگە لەمەش، ئەو هەستەم بۆ درووست بوو کە گوێم لە دەنگێگ بوو. ئەو دەنگە چی بوو کە من بیستم؟ ئەگەر ئەمە دەنگێکی ئاسایی بوویێت، وەك دەنگی وەڕینی سەگێك لەسەر شەقام، یا دەنگی تێپەڕبوونی ئۆتۆمبیلێك، ئایا دەبێتە هۆی بیدارکردنەوەم؟ وام باوەڕ نەکرد. کەواتە دەبێ دەنگێکی نائاسایی بوویێت. ئایا کەسێك لە دەرەوە لەو ناوەدا خولاوەتەوە؟ یا ئایا هیچ کەسێك ویستوویەتی دەرگاکەم بکاتەوە، یاخود پەنجەرەکەم؟ یا ئایا کەسێك لە ئاپارتمانەکەم، یا لە ژوورەکەمدا بوونی هەیە؟ دەمزانی کەوا زۆر زەحمەتە هیچ کەس لە ژوورەکەمدا هەبێت، بەڵام ئەمە بە دووریش نەبوو، بۆیە دەبوو هەر بزانم ئەو دەنگە چییە!

لەسەر لاتەنیشت ڕووەو دیوار پاڵکەوتمەوە.. ویستم بە قووڵی هەناسە هەڵکێشم، تا خۆم وەك کەسانی خەوتوو بنوێنم. گوێچکەکانیشم قوڵاغ کرد، بەڵام هیچ دەنگ نەبوو.. دەبوو خۆم هەڵگێڕ و وەرگێڕ بکەم، لەبەرئەوەی کەسانی خەوتوو وا دەکەن، ئەی وا نییە؟ دواتر کەمێك مینگەمینگم لەبەر خۆمەوە کرد و خۆم خستە سەر پشت.

ئینجا ئەوکات هەستم کرد وا لەسەر سەرم وەستاوە، سێبەرێکی تاریك.. ئەو سێبەرە تاریکە ڕووی لە من بوو..

ئایا دەبوو هەڵسمەوە و ڕابکەم؟ یا خۆم گرمۆڵە بکەمەوە و خۆم لوول بدەمەوە لەنێو بەتانییەکەمدا؟

یا ئایا پەلامارم بدایە؟ ئایا ئەویش ڕای دەکرد؟ ئایا دەمتوانی هێرشی بکەمە سەر؟ بەچی هێرشم بکردایەتە سەری؟ تۆ چۆن لە شوقەیە پەلامار بۆ سەر کەسێك دەبەی لەکاتێکدا لەوانەیە ئەو کەسە چەقۆیەك یا شتێکی پێ بێت؟ ئایا ئەو چەقۆ یا هەر ئامێرێکی تری پێ بوو؟

لە کۆتاییدا ئاوڕم دایەوە تا ڕوونتر بیبینم، کە رسوڕامەوە، هیچ کەسم لەوێ نەبینی. سیبەرە تاریکەکە، سێبەرێکی سەر دیواری ژوورەکەم بوو، ڕووناکیی گڵۆپەکانی سەر شەقام لە پەنجەرەی چێشتخانەکەم هاتبووە ژوورەوە و شەوقەکەی لەسەر زەوی چێشخانەکە کەوتبوە سەر کورسییەکەی ئەوێ و لەسەر دیواری ژووری نووستنەکەم سێبەری دەرکەوتبوو. هیچ کەسێك نەهاتبوە ژوورەوە و هیچ هۆیەك نەبوو تا من بترسم.

دڵم تا دوای کاتژمێرێك لە لێدان ئارام نەبوویەوە، بەڵام لە کۆتاییدا هەر خەوتم..

---

درامای هەڵبژاردن

# (٣١٥): لیستی کوڕانی تەنگانە

عومەر محەمەد سەعید

- کارەکتەرەکانی نێو درامایەکە:

دایك

ئازاد

نیشتمان

- شوێن: ماڵی دایکێك کوڕ و کچێکی هەیە.

دایك: کوڕم تەلەفزیۆنەکە بخە کەناڵی سپێدە.

ئازاد: توخوا دایە سپێدەی چی، با سەیری ئەم یارییەی ئەورووپا بکەم.

دایك: ئەوە چۆن وا دەڵێی کوڕم، ئەوە کەناڵی یەکگرتووە، یەکگرتوو!

نیشتمان: بۆ یەکگرتوو چییە دایە، وا ئەوەندە خۆشت دەوێ؟

دایك: کچم، کاتێك باوکت لە شەڕی ناوخۆدا کوژرا، کەسێك نەبوو بەفریامانەوە بێت، من و باوکت بێکەس بووین، ئێوەش منداڵ بوون، کاتەکەشی گرانی بوو.

ئازاد: دایە ئەی باشە کێ خەرجی پێدەداین؟

دایك: بەخوا کوڕم هاوارم تەنها لەخوا کرد، گوتم خوایە گرانییە و منداڵەکانیشم هەتیون، خۆشت فریادڕەسی!

نیشتمان: ئێ دوایی چی بوو؟

دایك: نیشتمان گیان، مانگێکی نەخایاند خوشکانی یەکگرتوو دوای ئەوەی چەند جار سەردانیان کردین و هاوکارییان کردین، ناوی هەردووکتانیان لە هەتیوانی خۆیان تۆمار کرد و نازیان کێشان و لە گرانی ڕزگاریان کردین.

ئازاد: بۆ دایە، باوکم یەکگرتوو بوو؟!

دایك: سەد حەیف کوڕم، نەوەڵا!

نیشتمان: بەڕاستی هەڵوێستێکی مەردانە و دیندارانەیان هەبووە.

دایك: ئەی چۆن نیشتمان گیان، بەخوا تا ماوم ئەو هەڵوێستەیانم لەیاد ناچێتەوە و هەزار جار هەڵبژاردن بکرێت هەر دەنگ بە یەکگرتوو دەدەم، ئازاد گیان ئەم جارە لیستی یەکگرتوو ژمارەکەی چەندە، با هەر لە ئێستەوە لەدڵمدا تۆماری کەم.

ئازاد: دایەگیان (٣١٥)یە.

دایك: (٣١٥ ... ٣١٥) زۆر باشە.

نیشتمان: دەی وەڵڵا منیش هەر دەنگ بە (٣١٥) دەدەم.

ئازاد: منیش هەر دەنگ بە (٣١٥) دەدەم و لەمڕۆوەش ناویان دەنێم:

**لیستی کوڕانی تەنگانە**
**دڵسۆزی گەل و نیشتمانە**

(کۆتایی)

---



# موناجاتی ڕۆح

(٢)

سۆران مستەفا/ لۆهان

پەروەردگاری من..
ئەم دڵە ئاه و ئاسایەم ڕام بکە
کە وەك ئاهوویەکی گەڕ
مێرگە لماوییەکان و
کانییە لێخن و قوڕاوییەکان
تەی دەکات..
پی بەپێ، بەبێ بوونی لەوەڕ..

ئەی پەروەردگاری من
ئەی (علیم) و (بصیر)ی ڕازەکانی دڵ!
خۆت بە ڕازی ئەم دڵەی من
بینای
بە نزای ئەم دڵەی من
زانای..
دڵێك دەیەوێت بتکات
بە بەندییەك و
خۆشی بە بەندیخانە،
بەندییەك کە تاوانەکەی
تەنیا
میهرەبانی و بەزەیی و جوانییە..
بەندیخانەیەکیش
دیوارەکانی تێنوێتی و
پەنجەرەکانیشی غەریبی وەسل و
شیشەکانیشی چاوەڕوانییە..

---

# حەربا

نووسینی ئەنتۆن چیخۆف
و/ رابەر یونس

ئۆچومێلۆڤی بەڕێوەبەری پۆلیس قاپووتێکی نوێی لەبەرکردووە و بوخچەیەکی لەبن هەنگڵی ناوە و لە بازاڕ بەپێ دەڕوات. پۆلیسێکی سەرسوور دوای کەوتووە و سەبەتەیەکی پڕ لە گێلاسی دەست بەسەردا گیراوی بەدەستەوەیە، دنیا کش و ماتە، تەنانەت یەك تاقە نەفەریش لە گۆڕەپانەکەدا نییە.. دەرگای والای دوکانەکان وەکو دەمی برسی بە بێحەوسەڵەییەوە سەیری دنیای پەروەردگار دەکەن، تەنانەت دەرۆزەکەرێکیش لە نزیکیانەوە نییە.

لەناکاو ئۆچومێلۆڤ شتێك دەبیستێ "کەواتە تۆ گاز دەگری، هەی دڕندەی مەلعون؟ کوڕینە! لێنەگەڕێن بڕوا! لەو سەردەمەی گازگرتن قەدەغەیە! بیگرن ... ئاه.. ها"!

دەنگی سەگێك دێتە بەر گوێ، دەحەپێ.. ئۆچومێلۆڤ بە ئاراستەی دەنگەکە دەڕوانێ و دێڵە سەگێك دەبینێت بەسەر سێ لاقان هەڵدەپەڕێ و سەیری دەروبەری خۆی دەکا و لە گۆڕەپانی دارفرۆشی پیچوگین ڕادەکاتە دەرێ.. کابرایەك کراسێکی کەتانی بەنیشاستە بووی لەبەربوو و قۆپچەکانی هێلەکەکەی کرابوونەوە، ڕاوەدووی دێڵەکەکەی نابوو.. کابرا بەدوای دێڵەکەکە دەکەوێ و خۆی بۆ هەڵدەدا و دەکەوێتە سەر زگ و پەلەکانی پشتەوەی سەگەکە دەگرێ.. دووبارە دەنگی حەپین و "بەرینەدەی" دێتەوە بەرگوێیان.. دەموچاوی خەواڵوو لە دوکانەکانەوە بەدەردەکەون و هەر زوو قەرەباڵغییەك، کە هەر دەتگوت لە زەوییەوە هاتوونەتە دەرێ، لە دەوری گۆڕەپانی دارفرۆشییەکە کۆدەبنەوە..

پۆلیسەکە دەڵێ "قوربان، پێدەچێ شەڕ بێ".. ئۆچومێلۆڤ بۆ لای چەپ دەسووڕێ و بەرەو قەرەباڵغییەکە دەڕوات.

کابرای ناوبراو بە هێلەکە قۆپچە کراوەکەیەوە، لە نزیك دەرگای گۆڕەپانی دارفرۆشییەکەوە وەستاوە، دەستی ڕاستی بەرز کردووەتەوە و پەنجەیەکی خوێناوی نیشانی قەرەباڵغییەکە دەدات.. بە ڕوخساره نیوە سەرخۆشیەکەیدا بە ڕوونی دیارە کە دەڵێ "کارت تەواو دەکەم هەی بەڕەڵا" بێگومان خودی پەنجەکەش وەکو ئاڵای سەرکەوتن دێتە بەر چاو.. ئۆچومێلۆڤ لەو پیاوە ورد بووەوە، ناسییەوە، ئەوە هەریوکینی زێڕینگەرە.. ئەو تاوانبارەی ئەو هەرایەی نابووەوە، سەگێکی سپی لە جۆری بۆرزۆی، لمۆزێکی باریك و پەڵەیەکی زەرد بەپشتیەوە، لەسەر زەوی هەڵتروشکاوە و لە ناوەندی ئەو قەرەباڵغییە پەلەکانی پێشەوەی درێژ کردووە، هەموو گیانی دەلەرزێ.. گوزارشتێکی پڕ لە مەینەتی و تۆقین لە چاوە پڕ لە فرمێسکەکانیدا دیارە.

ئۆچومێلۆڤ بەنێو قەرەباڵغییەکە بەپاڵدان ڕێگەی خۆی دەکاتەوە و دەپرسێ "ئەو هەرایەتان لە چییە؟ ئێوە بۆچی لێرە کۆبوونەتەوە؟ تۆ بۆچی پەنجەت ڕادەوەشێنی..؟ کێ بوو هاواری دەکرد؟"

هەریوکین (ئحم)ێکی بۆ دەکات و دەستپێدەکات "قوربان من لێرە تێدەپەڕیم، هەقم بەسەر کاری کەسەوە نەبوو، قسەم لەگەڵ میتری میتریێچ دەکرد لەبارەی داری سووتاندن کاتێك ئەو دەعبایە بێ هیچ هۆیەك پەنجەمی گەست.. دەبێ بمبووری، من پیاوێکی کارکەرم.. کاری من کارێکی وردە.. من دەبێ قەرەبوو بکرێمەوە، لەبەرئەوەی ناتوانم هەتا هەفتەیەکی دی ئەم پەنجەیەم بەکاربێنم، لەوانەیە.. قوربان تەنانەت یاساش لەگەڵ ئەمە نییە کە یەکێك لەم کارەی دڕندەیەك بێدەنگ بێ.. ئەگەر هەموو کەس تووشی گازلێگرتن ببنەوە، ئیدی ژیان شایستەی چوونە سەر نییە.."

ئۆچومێلۆڤ قوڕگی بۆ ساف دەکا و، بەتوندی دەڵێ "همم.. زۆر باشە، باشە.. ئەم سەگە هی کێیە؟ نایەڵم ئەمەی بەسەرەوە بچێ! من فێریان دەکەم کە جارێکی دی ڕێگە نەدەن سەگەکانیان بەڕەڵای هەموو شوێنێك بکەن! کاتی ئەوە هاتووە ئەو نەجیب زادانە چاودێرییان بکرێ، ئەگەر پابەند نەبن بە یاساوە! کاتێك ئەو سەرسەرییە غەرامە دەکرێ، ئینجا فێری دەکەم کە ڕاگرتنی سەگ و ئەو جۆرە ئاژەڵە بەرەڵایانە مانای چۆنە! دەرسێکی وەهای فێر دەکەم "سەرۆك پۆلیس هاوار دەکات (یلدرین) ڕووی قسەی لە پۆلیسەکە دەکات "بزانە ئەمە سەگی کێیە و ڕاپۆرتێك بنووسە! سەگەکەش دەبێ بخنکێنرێ.. بێ دواخستن! بێگومان سەگێکی هارە.. لێتان دەپرسم ئەو سەگە هی کێیە؟"

یەکێك لەناو قەرەباڵغییەکەدا دەڵێ "پێم وابێ هی ژەنەراڵ ژیگالۆڤە".

"هی ژەنەراڵ ژیگالۆڤە، همم.. یلدرین، یارمەتیم بدە کۆتەکەم داکەنم.. زۆر گەرمایە! دەبێ نیشانەی باران بێ.. یەك شت هەیە، کە من لێی تێناگەم، چۆن ئەو سەگە گازی لێ گرتی؟ "ئۆچومێلۆڤ ڕووی دەکاتە هەریوکین" .گومانی تێدا نییە ئەو سەگە ناگاتە پەنجەی تۆ، ئەو تەنیا سەگێکی بچووکە، تۆش کەسێکی زەبەلاحی! هەبێ و نەبێ پەنجەت بە بزمارێك ڕووشاوە ئینجا بیرۆکەی وەرگرتنی قەرەبووت کەوتۆتە مێشك.. ئێمە هەموومان.. پیاوی وەك تۆ دەناسین! من ئێوە دەناسم، شەیتانینە"!

"قوربان، هەر بۆ گاڵتە جگەرەی بەدەموچاویەوە ناوە، ئەویش گازی لێ گرتووە، کابرایەکی کەموکورتە قوربان"!

"ئەمە درۆیە هەی چاو خێل! خۆ تۆ نەتبینیوە، ئەی بۆ درۆ دەکەی؟ جەنابی بەڕێوەبەر خۆی پیاوێکی ژیرە و دەزانێ کێ درۆ دەکات و کێ ڕاستی دەڵێ، هەروەك خودا خۆی شاهیدە.. ئەگەر منیش درۆ بکەم، با دادگا بڕیاری خۆی بدا.. لە یاسادا نووسراوە، لەم سەردەمەدا ئێمە هەموومان یەکسانین.. من خۆم براکەم جەندرمەیە.. با پێتان بڵێم".

"مشتومڕ مەکە".

پۆلیسەکە بە قەناعەتێکی ئەستوورەوە دەڵێ "نا، ئەوە سەگی ژەنەراڵ نییە، ژەنەراڵ هیچ سەگی ئاوای نییە، سەگەکانی ئەو زۆربەیان سەگی تووکنی گەورەی ڕاون".

"تۆ لەمە دڵنیایت؟"

"بەڵێ قوربان".

منیش ئەمە دەزانم.. ژەنەراڵ سەگی گرانبایی و ڕەسەنی هەیە، ئەمە هەر خوا بزانێ چییە! نە تووکی هەیە، نە شکڵ و شێوە.. بوونەوەرێکی بێنرخە.. توخوا ڕاگرتنی سەگێکی ئاوا چ زەوقێکی تێدایە! ئەگەر سەگێکی ئەوها لە پیترسبێرگ یان مۆسکۆ دەرکەوتبایە، دەزانن چی ڕووی دەدا؟ هیچ گوێیان بەیاسا نەدەدا، هەر بە چاوتروکانێك دەیانخنکاند! هەریوکین، تۆ بریندار بوویت، نابێ لێبگەڕێین ئەو مەسەلەیە تێ بزر بێ.. دەبێ دەرسێکیان فێر بکەین.. کاتی خۆیەتی"

"ئاخر هێشتا لەوانەیە هی ژەنەراڵ بێ" پۆلیسەکە بە دەنگی بەرز بیروبۆچوونی خۆی ڕادەگەیەنێ". خۆ لەسەر دەموچاوی نەنوسراوە.. ئەوێ ڕۆژێ یەکێکی ئاوەهام لە حەوشەکەی ژەنەراڵ بینی".

دەنگێك لەناو قەرەباڵغییەکە گوتی". هی ژەنەراڵە! ئەمە هیچ گومانی تێدا نییە".

"همم .. یلدرین بابە یارمەتیم بدە ئەو قاپووتەم بکەمەوە بەر.. خەریکە با هەڵدەکات.. سەرمامە.. تۆ ئەو سەگە ببە لای ژەنەراڵ و لێی بکۆڵەوە.. بڵێ کە من دۆزیومەتەوە و ناردوومە.. پێشیان بڵێ کە بەرەڵای سەر شەقامی نەکەن.. لەوانەیە سەگێکی بەنرخ بێ و ئەگەر هەرکێی بێ و جگەرەیەکی بەدەمدا بکات، لەوانەیە پەڕپووتی بکەن.. سەگ گیاندارێکی ناسکە.. تۆش دەستت بێنە خوارەوە، هەی سەرکەستوور! نمایشکردنی ئەو پەنجەیەت هیچ سوودێکی نییە! خەتای خۆتە..

"ئەوەتا چێشتلێنەری ژەنەراڵ وا دێ، لێی بپرسن.. سلاو پرۆهۆر.. وەرە ئێرە کوڕی باش! تەماشای ئەو سەگە بکە، ئایا ئەوە یەکێك لە سەگەکانی ئێوەیە؟"

"ئەوە بیرۆکەیەتان لەکوێ بۆ هات! ئێمە هەرگیز سەگێکی وامان نەبووە"!

ئۆچومێلۆڤ دەڵێ "پێویست ناکا چی دی کات بەپرسیارکردنەوە بەفیڕۆ بدەین. ئەوە سەگێکی بەرەڵایە.. پێویست ناکا چی دی کات بە قسەکردن لەبارەیەوە بەفیڕۆبدەین.. مادام ئەو دەڵێ ئەوە سەگێکی بەرەڵایە کەواتە سەگێکی بەرەڵایە.. دەبێ لەناو ببرێ، هەر ئەوەیە".

"ئەمە سەگی ئێمە نییە" پرۆهۆر درێژە بە قسەکانی دەدا "ئەمە هی برای ژەنەراڵە کە ئەوێ ڕۆژێ گەیشت.. گەورەمان زۆر گرنگی بەسەگان نادا، بەڵام جەنابی برای ژەنەراڵ زۆر خولیای سەگە"...

"خۆ نالێی برای بەڕێزیان لێرەن.. ڤلادیمێر ئیڤانیچ؟ ئۆچومێلۆڤ لێی دەپرسێ و سەراپا ڕوخساری بە زەردەخەنەیەکی پڕ شادییەوە دەگەشێتەوە "بەڕاستی نەمزانی.. ئایا بەسەردان هاتووە؟"

"بەڵێ".

"دەی، وەڵا من هەرگیز.. وادیارە جەنابی برای ژەنەراڵ ناتوانێ لە براکەی دوور بێ.. منیش نەمزانی.. کەواتە ئەمە سەگی جەنابی برای ژەنەراڵە؟ خۆشحاڵم کە ئەمە دەبیستم.. فەرموو بیگرە.. ئەمە سەگێکی خراپ نییە.. بوونەوەرێکی چەلەنگە.. گازی لە پەنجەی ئەو کابرایە گرتووە.. ها.. ها.. ها.. وەرە ئەوە بۆ دەلەرزی .. مڕەمڕ .. بەدفەڕە تووڕەیە ..گوجیلەیەکی بچکۆلەی جوانە".

پرۆهۆر بانگی سەگەکە دەکات و لەگەڵی لە گۆڕەپانی دارفرۆشییەکە دوور دەکەوێتەوە.. خەڵکەکە بەهەریوکین پێدەکەنن.

ئۆچومێلۆڤ بەهەڕەشەوە بەهەریوکین دەڵێ "هێشتا ماوە ئاقڵت بکەم "!خۆی لە قاپووتەکەی لوول دەدات و بەڕێی خۆیدا دەڕوات..